هانی،گۆرانی و وڵاتپارێزی

ناسنامەی هەر مرۆڤێک لە هەڵوێستەکانیدا بەرجەستە دەبێ، هەڵوێستەکانیش لە کاتە دژوارەکاندا بەدەردەکەون.
هانی ژنە گۆرانیبێژی دەنگخۆش دوای هێرش و پەلامارەکانی داعش بۆ سەر کوردستان، بەتایبەتیش دوای ئەوەی داعش پەلاماری شاری کۆبانی دا، ئیدی هانی بوو بە چرایێک و بە هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی داگیراسا.
هانی وەک هەر وڵاتپارێزێکی دیکە بە خەم و پەژارەو ئامانجەکانی نەتەوەکەیەوە توند خۆی گرێداوە، خۆی دەڵێ: من بەستراوم بە خەم و پەژارەوی میللەتی کوردەوە لە باکوورو رۆژهەڵات، ئایندەی من وەکوو گەنجامی وڵاتەکەم دیار نیە.
هەر ئەو هەستەش وایلێکردووە کە هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ کاروانی تێکۆشان و بەرخۆدانی گەلەکەیدا رێبگرێ.
لە رۆژی کۆمەڵەدا، بۆ رێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگە، هانی بە جلی پێشمەرگایەتیەوە چووە سەر شانۆو گۆرانی چڕی، گوتی ئیرادەی خۆم زۆر لەوە بەگەورەتر دەزانم کە بەفرمێسک دڵی داعش خۆش بکەم.
هانی پەسنی شەرڤانان دەکات و دەڵێ:
من بۆ ئەوینی ئازادی ئەفرم
رێگای ژیانی تازەتر ئەبڕم
مەلێکم ئاشق، ئەفڕم شار بە شار
هەتا وڵاتی هەمیشە بەهار
هانی گۆرانیبێژ، زۆر بوێرانە، خۆبەخش و ئارەزوومەندانە بەشداری لەو ئاهەنگانەدا کرد کە ساڵی رابردوو بەمەبەستی پشتگیری لە کۆبانێ لە ولاتانی ئەورووپا دا سازکران.
هانی لە پێنجەمین تراکتی ئەلبوومی دایکدا بۆ نیشتمانەکەی دەچڕێ و دەڵێ:
سازی خەیاڵم دل بە ناڵینە
بەستەی هیجران و خەمی ئەوینە
سیروان تاسەمە خەمم شاهۆیە
رازی ژینی من زامی بێ سۆیە
تاکەی من کۆیلەی ئاهەنگی تاڵیم
جێماوی کۆچ و هەوارگەی خاڵیم
تاکەی چاوەڕێی بەهاری بێرەنگ
سازی شکاوی دیل با بێتە دەنگ
باخی ئەوینم تاکەی خەزان بێ
رێگای ئاواتم مژ و تەمان بێ

ژوانگە

هاوین و کارەبا

بۆ رزگاری نیشتمان و ئازادی مرۆڤەکان، بۆ رووناککردنەوەی شارەکان و گەشتر داگیرساندنی چرای ماڵەکان، بەهیوای ژیانێکی ئاسوودەو باشتر، خەڵک بە رووی دەستەڵاتدارانی بەعسی رەگەزپەرست و دیکتاتۆر راپەڕی، ئیدی هەناسەی ئۆخەی هەلکێشا، ویستی هەموو گوندەکانیش وەک چرا بە بالای نیشتمانەوە هەڵبواسێ، بەڵام شەر ریسەکەی لێبەخوری کردینەوە.
لەوەتەی حکومەتی هەرێم پێکهێنراوە باس لە باشترکردنی کارەبا دەکات!! هەموو زستانان، وەزارەتی کارەبا مانیڤێستێک بڵاودەکاتەوە، کارەبا وەک سەرمایەی نیشتمانیی ناودێر دەکات و داوا لە خەڵک دەکات کە دەستی پێوە بگیرن. هەموو هاوینان جارنامەی کەمدەکارکردنی وزەی کارەبا بەسەر ماڵان پەخش دەکاتەوە و چاو سور دەکاتەوە.
گریمان مانیڤێستەکەی زستانانی وەزارەتی کارەبا رەوایەو نابێ مرۆڤ بۆ خۆ گەرمکردنەوە پەنا بۆ وزەی کارەبا ببات، چونکە نەوت و غاز دەتوانن ماڵاکان گەرم دابێنن، بەڵام ئەگەر کارەبا سامانی نیشتمانیە دەبێ بە خۆڕایی بێ و کرێی کارەبا وەرنەگیرێ!!
گریمان جارنامەکەی هاوینانی وەزارەتی کارەبا رەوایە و نابێ زێدەڕویی لە وزەی کارەبادا بکرێ، بەڵام بۆچی پێمان ناڵێ کە چۆن خۆمان لە گەرمای هاوین بپارێزین!
ئایا پانکەو سپلیت و هەواهێن و فێنککەرەوەکان جگە لە کارەبا بەچی کار دەکەن؟ هەقە وەزارەتی کارەبا رێنوێنی چۆنێتی سوود وەرگرتن لە پانکەو فێنککەرەوەکان بەسەر خەڵک دابەش بکات!!
وەزارەتی کارەبا خۆی باش دەزانێ کە کەمتەرخەم و بێتوانا و کەمدەستەڵاتە. هەروەها شاراوەش نیە کە وەزارەتی کارەبا رۆڵی فرۆشیارێک کایە دەکات، بۆیە نابی هەقی بەسەر زۆر بەکارهێنانی وزەی کارەباوە هەبێ، دەبێ زۆریشی پێبخۆشبێ، چونکە لەو رێیەوە زۆرترین داهات مسۆگەر دەکات.
ئەم هاوینە کارەبا باشتر دەبێ، چونکە ئەوەی بۆ موسڵ رەوانە دەکرا، ئێستا بۆ هەرێم دەگەڕێتەوە، هەروەها کاتی ئەوە هاتووە کە چیتر بە فەرمانی وەزارەتی کارەبا، گلۆپی ماڵەکانمان چاوشارکێمان لەگەڵدا نەکەن، چیتر لەقرچەی هاویندا کارەبامان لێنەبڕێ. چیتر بە دروشمی سامانی نیشتمانی شار لە تاریکی هەڵمەکێشن.

تیشکە مەحمود

کۆمسای سەبارەت بە زرمە دەنووسێ

کۆمسای لە لاپەڕەی فەیسبووکی خۆیدا ئاماژەی بە بڵاوبوونەوەی دوایین ئەلبوومی خۆی کردوەو نووسیویەتی 'بۆیە ئەم نێژەم بۆی هەلبژار، تراکێک لەم ئالبۆمە بە نێژی زرمەیە، نامەی شەهیدێکی جوانە مەرگە بۆ ئیمە' هەروەها هیوای خواستووە کە کۆپی نەکرێ، چونکە سپۆنسەری نەبووەو هەمووی لەسەر ئەرکی خۆی بەرهەم هێناوە.
مەقامی زرمە، تێکستەکەی هی ئاسۆ موقتەدری و ئاوازەکەیشی لە شەهێن تاڵەبانی وەرگیراوە.
ئەلبوومی زرمە لە ١٠ تراکت پێکهاتووە، تێکستی گۆرانیەکان هەندێکیان هۆنراوەی خۆیەوتی و هەندێکی دیکەش لە فۆلکلۆر وەرگیراون، هەروەها هەندێک تێکستیش هۆنراوەی کاک 'ئاسۆ موقتەدری'ن .
جێی ئاماژەیە کە ساڵی ٢٠١٣ کۆسای ئەلبومێکی بەناوی ماڵی دونیا بڵاوکردبۆوە کە لە تراکت پێکهاتبوو، بریتی بوون لە [کافر، بەبێ دەنگ، باوەش، مەستم، ماڵی دونیا، بەختەوەر، مەڵی خودا حافیز].
هۆگرانی دەنگی کۆمسای هیواخوازن کە داهاتووشدا لە بەرهەمی باش و بەپێز بێبەشیان نەکات.

ئەکتەرێکی ناوداری سینەما پێنج ساڵ زیندانی دەکرێ

سەلمانخان ئەکتەری ناوداری سینەمای هیندستان بەهۆی ئەوەی بە ئۆتۆمبێلەکەی ملی لەچەند کەسێک نابوو، سزای پێنج ساڵ زیندانی بۆ برایەوەو ئەم هەفتەیە رەوانەی زیندان دەکرێ.
هەفتەی رابردوو پارێزەری سەلمانخان بەرۆژنامەوانی راگەیاند: دادگەیێکی هیندستان سزای پێنج ساڵ زیندانی بەسەر سەلمانخان گەورە ئەکتەری سینەمایی بالیۆددا سەپاندووە، رۆژی چوارشەممە (١٣ی ئایار) لە بەندیخانی شاری بۆمبای یەکەمین رۆژی زیندانیەکەی دەستپێدەکات.
دادوەر گوتویەتی سەلمانخان بەسەرخۆشی شۆفێری کردووە، پێنج کەسێ بێماڵی شێلاوە کە لەقەراغ رێدا خەوتبوون.

دوای ١٢٧ ساڵ بە ٦٦ ملیۆن دۆلار دەفرۆشرێ

تابلۆیێکی شێوەکاری نەمری هۆڵەندا، ڤان گۆگ (ڤان خۆخ) کە دیمەنی پاییز لە باشووری فەڕەنسا پێشان دەدات، دوای ١٢٧ ساڵ لە دروستکردنی سەرەنجام بە بەهای ٦٦ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی دەفرۆشرێ و ناوبانگ دەردەکات و جارێکی دیکەش ڤان گۆگ لەسەر شانۆی جیهان زیندوو دەکاتەوە.
ئەو تابلۆیە لە ساڵی ١٨٨٨ لە ماوەی دوو مانگدا کێشراوە، ئەوکات ڤان گۆگ لەگەڵ شێوەکاری فەڕەنسی پۆل گۆگان پێکەوە کاریان دەکرد. ئەو تابلۆیەی ڤان گۆگ لە رۆژی سێشەممەی رابردوودا، لە زیادکردنێکی ئاشکرادا لە خانەی سودبیەوە فرۆشرا. ڤان گۆگ لە ٣٠-٣-١٨٥٣ لە باکووری وڵاتی هۆڵەندا لەدایکبوو، هەروەها لە ٢٩-٧-١٨٩٠ کۆچی دوایی کرد، بە نەناسراوی و بە کولەمەرگی ژیانی بەرێکرد، کاتێک خۆی لە ژیان بوو تەنیا یەکێک لە تابلۆکانی بەناوی *De rode wijngaard* فرۆشرا، بەڵام دوای مردنی تابلۆکانی ناوبانگیان پەیداکرد، هەتا ئێستا یەکێک لە تابلۆکانی دیکەیشی بە بەهای ٨٢.٥ ملیۆن دۆلار فرۆشراوە.

سەرچاوە: بی بی سی

رۆژی گەل
هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە،
حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات
خاوەنی ئیمتیاز: رێکار ئەحمەد، تەلەفۆن: ٠٧٧٠١٤١٩٧٢٢
سەرنووسەر : سەردار محەمەد، تەلەفۆن: ٠٧٧٠٦٥٤٤٢١٦
هەولێر، گەڕەکی راستی
دەروازەی شەقامی جووتسایدی راستی
تەلەفۆن: ٠٧٥٠٣٩١٦٠٨٥
rojiigel@hotmail.com